بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر

مديرية مرور اربيل

پرسیارەکانی تاقیکردنەوە مۆڵەتی شوفێری

أسئلة اختبار رخصة القيادة

مافی پارێزراوە لە چاپکردن ، هەر کەسێک چاپی بکات بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر بە یاسا

پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی موڵەتی شوفیری بە زمانی کوردی

تێروانین

1- هێما قەدەغە کراوەکان بەگشتی شێوەیان بازنەیەکی ڕەنگ؟

- ⊗ شین
- ⊗ سەوز
- ✓ سور

2- هێماکانی ئاگادارکردنەوە بەگشتی شێوەکەیان؟

- ⊗ بازنەییە
- ⊗ چوارگۆشەیە
- ✓ سێ گۆشەی لایەکسانە

3- هێماکانی پابەندبوونی ڕەها بەگشتی شێوەکەیان؟

- ⊗ لاکێشەییە
- ✓ بازنەییە
- ⊗ سێ گۆشەییە

4- دابەزینی سەرنشین لە دیوی چەپی ئۆتۆمبیل قەدەغەیە؟

- ⊗ لە ئۆتۆمبیلی تەکسی
- ✓ لەهەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبیل
- ⊗ تەنها لەپاسەکان

5- ئوتومبیلێك لەپێشتە و دەتەوێت لێی تێپەریت.پێویستە لەکامە لای ئەم کردارە ئەنجام بدەیت؟

- ✓ تەنها لە دیوی چەپی
- ⊗ لەهەردوولای ڕاست و چەپ
- ⊗ تەنها لەدیوی ڕاستی

6- باشترین ڕێگەچارە بۆ ئاگادارکردنەوەی شۆفێرەکانی تر؟

- ⊗ بەکارهێنانی هۆرن بە بەردەوامی
- ✓ بەکارهێنانی لایتی فوول (فلاش) یەك بۆ دوو جار
- ⊗ نزیکبوونەوە لە ئۆتۆمبیلەکە و ئاگادارکردنەوەی شۆفێرەکە بە قسەکردن لەگەڵی

7- هێمای دەستنیشانکردنی خێرایی چ واتایەك دەگەیەنێت؟

- ✓ بەرزترین پلەی خێرایی ڕێگە پێدراو لە باری ئاسایی
- ⊗ کەمترین پلەی خێرایی ڕێگە پێدراو بۆ ئۆتۆمبیلەکان
- ⊗ بەرزترین پلەی خێرایی ڕێگە پێدراو لە کاتی باران بارین بۆ ئۆتۆمبیلەکان

8- ئایا لێکرەتبون لە ئۆتۆمبیلی دیکە ئاساییە لەکاتی لێخورین لەسەر پرد؟

- ✓ بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ⊗ ڕێگە پێ دراوە و زۆریش ئاساییە
- ⊗ ڕێگە پێ دراوە ئەگەر هاتوو ئۆتۆمبیلەکان بە خێراییێکی کەم دەرۆیشتن

9- هێماکانی قەدەغەکردن مانای چی دەگەیەنێت؟

- ✖ ئاگادارکردنەوەی شۆفێر
- ✔ پێدانی فەرمانی قەدەغەکردن
- ✖ ئاگادارکردنەوە لەبارەی بوونی مەترسی

10- کەی دەتوانیت ڕێڕەوی لای ڕاستی ئۆتومبێلەکان بەکاربهێنیت بۆ لێکرەتبون؟

- ✔ کاتێك شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلەی مەبەستمانە لێی تێپەڕین ویستی بەرەو لای چەپ بسووڕێت و ئاماژەی دابە هەڵکردنی لایتی لای چەپ
- ✖ ئەگەر هاتو ڕێڕەوی لای ڕاستی ئۆتۆمبیلەکەی دیکە چۆڵ بوو
- ✖ دەکرێت هەردوو ڕێڕەوەکانی لای ڕاست و چەپ بەکاربێت بۆ تێپەڕبوون

11- لێخوڕینی ئۆتۆمبیل قەدەغەیە ئەگەر ڕووناکی لایتەکانی ئۆتۆمبیل لە ئاستی پێوەری نەبوو بۆ ؟

- ✔ هەموو لایتە پێوەریەکان
- ✖ لایتەکانی دەستنیشانکردن (سەکن)
- ✖ تەنها لایتە سەرەکییەکان

12- ئۆتۆمبیل لە شەقام دەخلیسکێت و کۆنترۆل لەدەست دەدات لەکاتی باران یان بەفر یان کاتێك بەشێکی شەقامەکە تەڕ بێت ئەگەر:

- ✖ شەقامەکە ڕاست نەبێت وبەرزی ونزمی تێدابێت
- ✖ ئۆتۆمبیلەکە بە خێراییکی زۆربڕوات و تایەکانی بەکاربرابن وتێکچوبن
- ✔ هەمو ئەوانەی کە باسکران

13- لەکاتی بەفر بارین بە ڕۆژ پێویستە شۆفێر؟

- ✔ لایتی نزم (ناصی) پێ بکات
- ✖ لایتی بەرز پێ بکات
- ✖ لایتی ئاگادارکردنەوە پێ بکات

14- مەرجەکانی لێکرەتبون لە ئۆتۆمبیلەکان چین؟

- ✖ ئەگەر شۆفێری ئەو ئۆتۆمبیلەی مەبەستتە لێی تێپەری ئاماژەی دا بە ڕەزامەندی بونی بۆ ئەوەی لێی تێپەری
- ✔ لەکاتی دڵنیابوونی تەواولەلایەن شۆفێری ئۆتۆمبیلی ئەنجامدەری لێکرەتبون کەپێشی چۆڵە و بوار هەیە بۆ تێپەڕبوون بە سەلامەتی
- ✖ کاتێك ئەو ئۆتۆمبیلەی مەبەستتە لێی تێپەری بە هێواشی دەڕۆیی و یەکسەر لێی تێپەری

15- بەرزترین پلەی خێرایی ڕێگاپێدراولە نزیك قوتابخانەو بازاڕە قەڵەباڵغەکان؟

- ✔ 30کم / لە کاتژمێرێك
- ✖ 40کم / لە کاتژمێرێك
- ✖ 60کم / لە کاتژمێرێك

16- لە کام باردا تێپەڕبوون یان هەوڵدان بۆ تێپەڕبوون لە ئۆتۆمبیلی دیکە قەدەغەیە؟

- ✖ لەکاتی بەسەرکەوتنی ڕێگا هەورازەکان لە ناوچە شاخاویەکان
- ✖ کاتێك ئاست و مەودای بینین کەمە وناتوانیت دیاری بکەیت کە دەتوانیت مانۆرەکە بەسەرکەوتویی ئەنجام بدەیت
- ✔ هەموو ئەوانەی کە باسکران

17- تۆ لەناو تونێلێك ئۆتومبێل لێدەخوریت ولەپێشت ئۆتومبێلێك هەیە بە هێواشی دەڕوات دەتەوێت لێی ڕەت بێت.ئایا ڕێگەپێدراوە ئەم مانۆرە ؟

- ✖ بەڵێ ڕێگەپێدراوە ئەگەر ئۆتومبێلەکە بەخێراییکی کەم لێی دەخوری
- ✔ بە هیچ شێوەیێك ڕێگەپێدراو نیە لێك ڕەتبوون ئەنجام بدەم لەناو تونێل یان بەر لە گەیشتنی بە مەودایەکی کەم
- ✖ بەڵێ دەتوانم ئەو مانۆرە ئەنجام بدەم بە مەرجێ هیچ ڕوداوێکی هاتووچۆ یان کێشە بۆشوفێرانی تر دروست نەکەم

18- لەکام بار لەما نەی خوارەوە دەتوانێت مانۆڕی تێپەڕاندن ئەنجام بدەیت ؟

- ⊗ لەکاتی بونی هێلێکی نەپچڕاو بەدرێژایی ڕێگاکە
- ⊗ لەکاتی بونی دوو هێلی نەپچڕاو بەدرێژایی ڕێگاکە
- ✔ لەکاتی بونی هێلێکی پچڕاو لەدیوی لای چەپ

19- ناکرێت شوفێری بکرێت بەبونی شتێك بەرچاوی شۆفێری گرتبێت وەکو؟

- ✔ شکان لە جامەکانی پێشەوە و تەنیشتەکان یان بونی لەزگەی جام
- ⊗ هەڵگرتنی بارێك کەمەودای بینینی نەگرتبێت
- ⊗ ئاوێنەکانی دەرەوەی هەبێت

20- تێپەڕبوون لە ئۆتۆمبیلەکان ئەنجام دەدرێت بە؟

- ⊗ ئاگادارکردنەوە بە لایتی فوول (فلاش) بۆ چەندین جار
- ⊗ لێخوڕین شان بە شانی ئۆتۆمبیلەکە تاکو شۆفێرەکەی بتبینێت
- ✔ داگیرساندنی ئاماژەی لای چەپ وچونە لای چەپی ئوتومبیلەکە وەزیادکردنی خێرایی لەو شوێنانەی کە تێپەڕاندن ڕێگاپێدراوە

21- ئایا شۆفێر بۆی هەیە ئۆتۆمبیلەکەی لە ناوەندی شەقام جێبهێڵێت ئەگەر تووشی لەکارکەوتن بو؟

- ✔ بەهیچ شێوەیێك نابێت جێی بهێڵێت
- ⊗ دەتوانێت بەو مەرجەی خۆی لە نزیکی بوەستێت
- ⊗ دەتوانێت بەومەرجەی سێگۆشەی فسفۆری لە پشتی ئۆتۆمبیلەکەی دابنێت

22- لەکاتی لێخوڕین لە کەشوهەوای تەمومژ پێویستە؟

- ⊗ لایتی ئاگادارکردنەوە بەکار بێنیت
- ✔ لایتی نزم بەکار بێنیت
- ⊗ لایتی فوول بەکار بێنیت

23- لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەکەشی بەفرو باراناوی یان ڕووی شەقامەکە تەربێت ئەو مەودایەی کەپێویستە بۆوەستانی سەلامەتی؟

- ✔ بەلێ
- ⊗ نەخێر
- ⊗ باران کاریگەری لەسەر ناکات

24- ئایا کۆنمرەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی(هێما و میکانیك) بەخشینی مۆلەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل چەندە ؟

- ⊗ 75%
- ✔ 80%
- ⊗ 90%

25- ئایا ڕێگە دەدرێت بە لێکرەتبونی ئۆتۆمبێلەکان لە یەکتربری هێلی شەمەندەفەر لەگەل شەقام یا لە نزیکی؟

- ✔ بە هەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ⊗ ڕێگە دەدرێت ئەگەر دووری 100م یان کەمتر هەبێت لەنێوان یەکتربری شەقام و هێلی شەمەندەفەر
- ⊗ ڕێگەی پێ دەدرێت ئەگەر شەمەندەفەرەکە نەبینرا یان دەنگی نەبیسترا

26- کهول و ماددەی هۆشبەر کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە بۆیە؟

- ✔ ئۆتۆمبیل لێ ناخوڕم ئەگەر کهولم خواردبێتەوە و ناهێڵم کەس لێبخوڕێت ئەگەر ماددەی کهولی خواردبێت
- ⊗ ڕێژەی کهول و ماددەی هۆشبەر بە کەمی کاریگەری لەسەرم نیە و دەتوانم ئۆتۆمبیل لێخوڕم
- ⊗ کاریگەری نیە لەسەر شارەزایی و توانای بڕیاردان لەکاتی لێخوڕین

27- دەبێت خێرایی ئوتومبێل کەم بکرێتەوە لەکاتی پێچ کردنەوە ؟

- ✔ پێش نزیکبوونەوە لە شوێنی پێچەکە
- ⊗ لەکاتی چونەنێو پێچەکە
- ⊗ لەکۆتایی پێچکردنەوەکە

28- کاتێك ئۆتۆمبیل لە شەقامێکی یەك ئاراستە یا دووئاراستە لێدەخورێت و نزیك دەبێتەوە لە پاسی قوتابخانە پێویستە لەسەرت ؟

- ✔ خێراییت کەم بکەیەوە و بە وریایی بەردەوام بیت لە لێخورین
- ⊗ بە دووری 10م لە پاسەکەبوەستیت
- ⊗ بەزووترین کات لە پاسەکە تێپەریت

29- لەکاتی بیستنی دەنگ یان بینینی لایتی ئۆتۆمبیلەکانی فریاگوزاری، پێویستە؟

- ⊗ خێراییت کەم بکەیتەوە و لە رێچکەی خۆت لێبخوری
- ✔ دڵنیابە لەوەی رێرەوی لای راستی شەقامەکە چۆڵە و برۆ ئەوێ وەرێگاکە بکەوە بۆئوتومبیلەکەی فریاگوزاری
- ⊗ خێراییت زیاد بکە بۆئەوەی رێگە بۆ ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری چۆڵ بکەیت

30- لێخورینی ئوتومبیل بەپێچەوانەی ئاراستەی رۆیشتن لەشەقام سزاکەیەکێك لەمانەی خوارەوەیە؟

- ✔ پێبژاردن
- ⊗ بەندکردن و پێبژارد
- ⊗ لێکێشانەوەی مۆڵەت بەشێوەیێکی هەتا هەتایی

31- کاتێك لە شەقامێکی خۆڵ یان چەورێژکراو دێیتە سەرشەقامێکی سەرەکی قیرتاوکراو پێویستە لەسەرت؟

- ✔ مافی پێشینە بدەیت بەو ئوتومبیلانەی کە لەسەر شەقامە قیر کراوەکە دەرۆن
- ⊗ مافی پێشینە بەو ئوتومبیلانە بدەیت کە لەشەقامە قیرکراوەکە دەرۆن تەنها ئەگەر شەقامەکە بەدوو ئاراستە بو
- ⊗ هیچ مافی پێشینەیێك نیە بەڵکو ئەوە دەمێنێتەوە سەر نیەت پاکی خۆت

32- دوو هێڵی نە پچراو بە رەنگی زەرد لە دیوی لای راستی ئاراستەی رێگاکە لەنزیك شۆستە بەواتای؟

- ⊗ وەستان لە رۆژانی پشوو قەدەغەیە
- ✔ وەستان بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ⊗ وەستان ئاساییە

33- ئەنجامدانی مانۆری لێکرەتبون لە شوێنی پەرینەوەی پیادە یان نزیکی رێگەپێدراوە یان قەدەغەیە ؟

- ⊗ رێگەدراوە بە تێپەڕبوون ئەگەر هیچ کەس لە شوێنی پەرینەوەی پیادە نەبوو
- ✔ بە هەموو شێوەیێك تێپەربوون یان هەوڵی تێپەربوون قەدەغەیە لە نزیك یان لە شوێنی پەرینەوەی پیادەکان
- ⊗ تێپەربوون رێگە پێدراوە پێش گەیشتن بە شوێنی پەرینەوەی پیادە لە رێگاکانی دەرەوە

34- چرای زەردی پچرپچر لە رێگاکان بەواتای؟

- ✔ وریابە مەترسی لە پێشت هەیە
- ⊗ بوەستە
- ⊗ ئامادە بە بۆ رۆیشتن

35- ئایادەکرێت لایتی ئاگاداركردنەوە یان دانانی ئامێری رووناکی یان دەنگی بەکاربهێنرێت هاوشێوەی ئوتومبێلەکانی فریاگوزاری ؟

- ✔ نەخێر بەهیچ شێوەیێك رێگا نادرێت
- ⊗ بەڵێ بۆ هەندێك کەس رێگە پێدراوە
- ⊗ بۆ بارهەڵگرەکان رێگە پێدراوە

36- کاتێک نزیک بیت لە یە کتربڕێک بە هێمای هاتوچۆ رێک نە خرابێت و ببینیت ئۆتۆمبیلێک لە ئاراستەی راستەوە دێت پێویستە چی بکەیت؟

- ✔ بوەستە و مافی پێشینەبە و ئۆتۆمبیلە بدە کە لە لای راستەوە دێت سەرەتا بروات
- ✖ بەردەوام بە بەهەمان خێرایی چونکە پێشینە بۆ تۆیە
- ✖ خێراییت زیاد بکە بۆئەوەی پێش ئەو تێپەڕی لە یەکتربڕەکە

37- لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بەخێرایی 30کم/کاتژمێرێک پێویستە مەودایێک جێبهێلدرێت لەگەڵ ئۆتۆمبیلی پێشەوەت بەدووری ؟

- ✔ 10مەتر
- ✖ 5مەتر
- ✖ 20مەتر

38- لێخورین بە شەو پێویستی بە وریایی و بایەخێکی زۆر هەیە بە بەراورد لەگەڵ لێخورین بە رۆژ، بەهۆی ئەوەی کە؟

- ✔ بینین لە شەو سنووردارە بەپێی فەراهەمبونی رۆشنایی لایتەکانی ئوتومبیلەکەت
- ✖ زیادبونی رێژەی بەکارهێنەرانی رێگاکان لەکاتی شەودا
- ✖ کەمبونەوەی توانای ئوتومبیلەکان لەکاتی شەودا

39- نوێ نەکردنەوەی پشکنینی تەکنیکی سالآنە سزاکەی؟

- ✔ پێبژاردن
- ✖ بەندکردن
- ✖ دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلە

40- خێرایی دەستنیشانکراو لە هەر شەقامێك بەپێی یاسا ئەو خێراییە یە کە؟

- ✔ کە بە هێماکانی هاتووچۆ دیاری کراوە لە کەشی ئاسایی
- ✖ بریتیە لە لێخورین لە شەقامەکانی ناوشار بە 80کم لە کاتژمێرێك و لە دەرەوەی شار بە 100کم لەکاتژمێرێك
- ✖ ئەو خێراییەی کە خۆم دیاری دەکەم لە کاتی شوفێری کردن وە بەپێی ئەو شوێنەی کە بۆی دەچم

41- تازە نەکردنەوەی سالآنەی ئۆتۆمبیل سزاکەی؟

- ✖ بەندکردن
- ✖ دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیل
- ✔ پێبژاردن

42- هێڵی سپی بەردەوام و نەپچڕاو لەسەر شەقامێکی تاك سایدی دوو ئاراستە بەواتای ؟

- ✔ تێپەڕبوون لێی قەدەغەیە
- ✖ ئەگەر ئۆتۆمبیل لەبەرامبەر نەهات دەتوانی تێپەڕی
- ✖ دەتوانی لێی تێپەری لەحاڵەتی وەستانی ئۆتۆمبیل لەو رێرەوەی کە لێی لێدەخوریت

43- ئایا دەکرێت کێبڕکێ یان چالاکی هاوشێوە لە رێگا گشتیەکان ئە نجامبدرێت؟

- ✔ نەخێر بەهیچ شێوەیێك رێگەی پێ نادرێت لە رێگا گشتیەکان
- ✖ بۆ ئۆتۆمبیلە کانی وەرزشی رێگە پێدراوە
- ✖ لە گەراجەکان رێگە پێدراوە

44- لەکاتی بینینی نابینایەك یان کەسێك یارمەتی بدات لە پەرینەوە لە جادە، پێویستە لەسەرت؟

- ✔ بە تەواوتی بوەستی و رێگەی بدەیت بپەڕێتەوە
- ✖ خێرایی ئوتومبێلەکەت کەم بکەیتەوە و رێگەی بدەی بپەڕێتەوە
- ✖ بەردەوام بە و بە وریایی لێخوڕە بۆ ئامادەباشی وەستانی لەناکاو

45- هۆرن دەبێت کەی وچۆن و بە چ شێوەیێك بەکاربێت ؟

- ✔ هۆرن بەکار دەهێندرێت بۆ یەك جار و بۆ ماوەیێکی کورت لە بارە زۆر پێویستەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی کەسانی تر بە دورخستنەوەیان لەمەترسی
- ✘ بەکاردەهێندرێت بۆ ئاگادارکردنەوەی شۆفێرە سەرپێچیکارەکان دەربارەی سەرپێچییەکانیان
- ✘ بە کاردەهێندرێت بۆ سڵاوکردن یان سوپاسگوزاری یان بۆ بانگکردنی کەسێك

46- بەرزترین پلەی خێرایی ڕێگاپێدراو بۆ گشت جۆرەکانی ئۆتۆمبیل بە شەو لە ڕێگاجووت ئاراستەکان؟

- ✔ نیوەی خێرایی دیاریکراو بە یاسا بۆ ڕێگاکە
- ✘ هەمان خێرایی کە یاسا دەستنیشانی کردووە
- ✘ 80کم / کاتژمێرێك

47- ئەو یەکتربڕانەی کە درەخت و باڵەخانەکان دایانپۆشیوە توانای بینینت کەم دەکات بۆیە پێویستە؟

- ✔ لە سەرەتای یەکتربڕەکان بوەستی و دڵنیابی لە چۆڵی شەقامەکە و بە هێمنی لێی تێپەڕی
- ✘ خێراییت کەم بکەوە و لە یەکتربڕەکە تێپەڕە
- ✘ هۆرن بەکاربێنە بۆ ئاگادارکردنەوە و لە یەکتربڕەکە تێپەڕە

48- بەرزترین خێرایی بۆ شۆفێریکردنی ئۆتۆمبیلی بچووك لە ڕێگا جووت ئاراستەکانی دەرەوەی شارەکان ؟

- ✘ 90کم / کاتژمێرێك
- ✔ 100کم / کاتژمێرێك
- ✘ 120کم / کاتژمێرێك

49- بەرزترین خێرایی ڕێگا پێدراو لە شەقامە خێراکانی هەرێمی کوردستان چەندە؟

- ✘ خێرایی دیاریکراو نیە و لێخوڕین بە هەرخێراییێك ئاساییە
- ✔ خێرایی 110کم/لە کاتژمێرێك بۆ ئۆتۆمبێلی بچووك و 80کم/ لە کاتژمێرێك بۆ بارهەڵگرەکان لە شەقامە خێراکان دیاریکراوە
- ✘ دیاریکردنی خێرایی 80کم لە کاتژمێرێك بۆ هەموو ئۆتۆمبێلەکان

50- لە ڕێگا شاخاویەکان دیسکەکانی برێك زوو گەرم دەبێت بەهۆی بەکارهێنانی بەردەوام لەم بارودۆخەدا پێویستە چی بکرێت؟

- ✘ بەردەوام بیت لە لێخوڕین بە خێراییەکی زۆر تاکو دیسکەکان برێك سارد دەبنەوە
- ✔ بوەستیت چاوەڕێبکەیت تاکو دیسکەکان سارد دەبنەوە
- ✘ برێکی دەست(هاند برێك) بەکاربێنیت تاکو دیسکەکانی برێك سارد دەبنەوە بە تەواوی

51- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆ؟

- ✘ ئەو ئۆتۆمبیلەیە کە لە شەقامی لاوەکیە نەك ئەوەی لەشەقامی سەرەکی دەڕوات
- ✘ ئەو ئۆتۆمبیلەی وەستاوە نەك ئەوەی دەڕوات
- ✔ ئەو ئۆتۆمبیلەی لە شەقامی سەرەکیە نەك ئەوەی لە شەقامی لاوەکی دەڕوات

52- لەکاتی جوڵە کردن بە ئۆتومبێل و هەوڵدان بۆ چونە ناو شەقام پێویستە لەسەرت؟

- ✘ لایتی ئاگادارکەرەوەی چوارفلاش ێ بکەیت بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ڕێگاکە لێدەخورن
- ✔ لایتی هێماکار بۆلای چەپ ێ بکە دوای دڵنیابوونەوە کە شەقامەکە چۆڵە (ڕۆیشتن لەڕێرەوی ئەوپەڕی لای ڕاست)
- ✘ لایتی چەپ ێ بکە و ڕاستەوخۆ بچۆرە نێو ڕێرەوی شەقامەکە

53- لەکاتی بونی ناوەندە شەقام لە ڕێگاکان لەسەر ئەو پیادانەی کەبەنیازی پەڕینەوەن لەشوێنی پەڕینەوەی پیادە پیویستە بە یەکێك لەم شێوانەی خوارەوە بپەڕنەوە؟

- ✘ پەڕینەوە بە خێرا تاکو گەیشتن بۆ دورگەی ناوەندە شەقامەکە
- ✔ پەڕینەوە بۆ ناوەندە شەقامەکە پاش دڵنیابوون لە چۆڵبونی شەقام لەئوتومبیل ئینجا چاوەڕێ کردن بۆدڵنیابون لە چۆڵی شەقام لەدیوەکەی تر ئەوکات تەواوکردنی پەڕینەوەکە
- ✘ پەڕینەوە لە فراوانترین شوێنی شەقامەکە

54- ڕەفتاری شۆفێر بەرامبەر خەڵکی پیادە ڕۆ دە بێت؟

- ✔ پێشینە بدات بە پیادە بۆ پەڕینەوە لەسەر هێڵی پەڕینەوە وە دەبێت ئۆتۆمبێل بە تەواوەتی بوەستێنرێت تاکو تەواوبونی پەڕینەوەکە
- ✘ پێشینە بدات بە شوفێری ئوتومبێلەکان
- ✘ پێشینە بدات بە ئەوانەی کە لەسەر شۆستە وەستاون

55- ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە تابلۆی ژمارە کاتیان هەڵگرتوە قەدەغە دەکرێن بە لێخوڕن لەدوای تێپەڕبونی ؟

- ✔ شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی واژوکردنی گرێبەستی کڕینەکە
- ✘ یەك مانگ لە ڕێکەوتی واژوکردنی گرێبەستی کڕینەکە
- ✘ سێ مانگ لە ڕێکەوتی واژوکردنی گرێبەستی کڕینەکە

56- سزای ئەو کەسەی ئۆتۆمبیلەکەی لە شوێنی قەدەغەکراو بوەستێنێت و ببێتە هۆی ڕوودانی ڕووداویەکێك لەمانەی خوارەوەیە؟

- ✔ پێبژاردن
- ✘ دەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکە
- ✘ پێبژاردن ودەست بەسەرداگرتنی ئۆتۆمبیلەکە

57- پێویستە ئاوێنەکانی لا تەنیشت ڕێکبخرێت بەم شێوەیە خوارەوە؟

- ✘ تایەکانی پشتەوە ی ئوتومبێلەکەت ببینی لە کاتی دانیشتن لە کوشینی شوفێری کردن
- ✘ جامەکانی پشتەوەی ئوتومبێلەکەت ببینی لە کاتی دانیشتن لە کوشینی شوفێری کردن
- ✔ زۆرترین بەشی ڕیگا وە کەمترین بەشی هەردوو لای ئوتومبێلەکەت ببینیت

58- ئایا وەستان لە شەقامی خێرا ئاساییە بۆ سەرکەوتن و دابەزینی سەرنشینەکان؟

- ✘ ڕێگە پێدراوە تەنها لە کاتژمێرەکانی ڕۆژدا
- ✘ ڕێگە پێدراوە لەکاتی وەستان لە شوێنەکانی وەستان
- ✔ بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە

59- پێویستە چی بکەیت ئەگەر تایەی پێشەوەی ئۆتۆمبیلەکەت تەقی؟

- ✔ لەکاتی تەقینی تایەکە بۆ چەند چرکەیەك پێ لەسەر بەنزین داگرە و پاشان بەرە بەرە پێت هەڵگرە و بە هەردوو دەست سوکانەکە بگرە بۆئەوەی ئۆتۆمبیلەکە کۆنترۆڵ بکەیت و تاکو پێت دەکرێت پێ لەسەر برێك دامەنێ
- ✘ هاندبرێك ڕاکێشە
- ✘ گێر بگۆڕە

60- لەچ شوێنێك لەمانەی خوارەوە قەدەغەیە ئوتومبێل بوەستێت یان پارك بکرێت؟

- ✔ لە شوێنی سووڕانەوە و تونێلەکان و سەر هێڵی پەڕینەوەی پیادە
- ✘ لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار
- ✘ لە گەراجەکانی وەستانی ئۆتۆمبیل

61- بۆ دەربازبون لە کاریگەری هەڵخلیسکانی ئوتومبێل لە کاتی لێخوڕین لە ڕێگاکان پێویستە؟

- ✔ خێراییت کەم بکەیتەوە لە ڕێگەی پێ هەڵگرتن لە پێگەی بەنزین و بە توندی پێ لەسەر برێك دانەگریت
- ✘ هاند برێك ڕاکێشیت
- ✘ سوکانەکە بسوورێنە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی هەڵخلیسکانەکە

62- پێویستە چی بکەیت ئەگەر تایەکانی پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکەت تەقی؟

- ✔ ستێرنەکە توند بگرە و هەوڵدە خێراییت کەم بکەیتەوە و ئۆتۆمبیلەکە بەرەو دیوی لای ڕاست لێخوڕە و ڕەچاوی ئۆتۆمبیلەکانی لەدواوەو بەرامبەرت بکە
- ✘ بە توندی پێ لەسەر برێك داگرە و بەرەو لای ڕاست بڕۆ
- ✘ ستێرن بسوورێنە بە ئاڕاستەی تایە تەقیوەکە

63- ئایا ڕاگرتن یان وەستانی ئۆتۆمبیل لە شەقامە خێرا کان ئاساییە؟

- ✔ بەڵێ دەکرێت لە شوێنە تەرخانکراوەکان بۆ راگرتن یا وەستان لە شەقامە خێراکان.
- ✘ بەڵێ راگرتن و وەستان ئاساییە لە ڕێڕەوی ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری
- ✘ بەڵێ وەستانی ئۆتۆمبیل ئاساییە لەو شوێنانەی کە هێمای قەدەغەکردنی وەستانی ئۆتۆمبیلی لێ دانراوە

64- فلتەری شوتەی ئۆتۆمبیل پێویستە خاوێن بکریتەوە یان بگۆردرێت لە دوای ؟

- ✘ دوای5000کم
- ✘ دوای 10000کم
- ✔ بەشێوەیێکی خولی خاوێن دەکرێتەوە بەپێی ئەو ژینگەیەی ئۆتۆمبیلەکەی تێدا بەکاردەهێندرێت بەپشتبەستن بە خەسڵەتەکانی ئۆتۆمبل

65- گرنگترین ئەو بەڵگەنامانە چین کە پێویستە لە ئۆتۆمبیلەکەتدا هەبێت لە کاتی شوفێری کردن؟

- ✔ مۆڵەتی لێخورین، کارپێکراو لە هەمان پۆلینی جۆری ئۆتۆمبیلەکە بێت، لەگەڵ ساڵیانەی ئۆتۆمبیل وە دەبێت کارابێ
- ✘ ناسنامەی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراق
- ✘ کەتەلۆگی ئۆتۆمبێل

66- پێویستە شۆفێری ماتۆڕسکیل لەکاتی لێخورین ئەم کەل وپەلانەی خوارەوە بەکاربێنێت ؟

- ✔ کڵاوی تایبەت بە لێخورینی ماتور لەگەڵ چاویلکە و بەستەری پارێزگاری بۆ ئەژنۆ و دەست
- ✘ تەنها پێڵاوی تایبەت بە لێخورینی ماتوڕ
- ✘ پۆشاکی ئاسایی لەگەڵ سەرپۆشێکی سادە

67- نابێت هیچ وشە یا رستەیێك لەسەر ئۆتۆمبیل بنووسرێ بێجگە لەوانەی کەپێویستە بەپێی رێنماییەکان بێت لە سەر پەیکەرەکەی؟

- ✘ لەسەر ئۆتۆمبیلی تایبەت
- ✘ لەسەر تەکسی
- ✔ لەسەر بارهەڵگرەکان بەپێی رێنماییەکان

68- پێویستە چی بکەیت ئەگەر ئۆتۆمبیلەکەت ژاوەژاوو دەنگێکی نائاسایی دەربکات؟

- ✔ ئەو ئۆتۆمبیلەی دەنگ و ژاوەژاوی نائاسایی دەربکات لێخورینی قەدەغەیە بۆیە پێویستە ڕابگیرێت تاکو چاك دەکرێتەوە
- ✘ ئەو ئۆتۆمبیلەی دەنگ وژاوەژاوی نائاسایی هەبێت رێگەدراوە بە لێخورینی و بێ هیچ کۆتوبەندێك
- ✘ ئەو ئۆتۆمبیلەی دەنگ وژاوەژاوی نائاسایی هەبێت رێگەدراوە بە لێخورینی بەڵام بونی کۆتوبەندی دیاریکراو

69- سزای فرێدانی کەرەستە زبڵ وخاشاك بەهەموو جۆرەکانیەوە لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیل قەدەغەیە وەسزاکەی ؟

- ✘ دەست بەسەر داگرتنی ئۆتۆمبیلە
- ✔ پێبژاردن
- ✘ پێبژاردن ودەست بەسەرداگرتنی ئوتومبیلەکەیە

70- کەی و لە کوێ ڕاگرتن یان وەستانی ئۆتۆمبیل قەدەغەیە؟

- ✔ کاتێك شوێنی وەستانەکە ببێتەهۆی گرفتی جولەی هاتوچۆ یان نەبینینی هێمای هاتوچۆ یان ببێتەهۆی ڕووداو یان نزیك خاڵی ئاوی ئاگرکوژێنەوە بێت یان لەشوێنی تەرخانکراوبۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بێ
- ✘ کاتێك بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکە لەکار وەستا
- ✘ کاتێك سەرنشینی بار نەکردبوو

71- کام لەوسیفەتانە هی شوفێرێکە هەست بەبەرپرسیاریەتی بکات؟

- ✘ ئەوشوفێرەی لێدەخورێت بەبێ بونی دڵە راوکێ بەرامبەر بەیاسا ورێساکانی هاتووچۆ
- ✔ ئەو شوفێرەی کە بیر لە دەرەنجامی کارەکانی دەکاتەوە
- ✘ ئەوشوفێرەی کەسل ناکاتەوە لەمەترسی خستەنەسەر خۆی وکەسانی تر

72- پێویستە لەسەر خاوەن یان وە دەستهێنی ئۆتۆمبێل:

- ✅ ڕێگە بە کەس نەدات مۆڵەتی شوفێری نەبێت ئۆتۆمبێلەکەی لێبخورن
- ⊗ هەر کەسێك داوای لێ کرد ئۆتۆمبیلەکەی لێبخورێت پێیبدات
- ⊗ ڕێگەدان بە بەکارهێنانی ئۆتۆمبیلەکەی بێ هەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی و دڵنیابون (دیکیۆمێنتی پشکنینی هونەری) لە ئۆتۆمبیلەکەی

73- ئایادەکرێت ئۆتۆمبیل لە لای چەپی شەقامێکی دوو ئاراستە رابگرێت ؟

- ✅ بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ⊗ ئاساییە بەومەرجەی لە تەنیشت شۆستەکە بە دروستی بوەستێت
- ⊗ ئاساییە بەومەرجەی شەقامەکە زیاتر لە دوو ڕێڕەوی هەبێت

74- مافی پێشینە بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✅ ئاماژەی دەستی پۆلیسی هاتوچۆ لە سەر هێمای ترافیك و هێماکانی سەر شەقام
- ⊗ هێمای ترافیك وهێماکانی سەر شەقام لە سەرئاماژەی دەستی پۆلیسی هاتوچۆ
- ⊗ هێماکانی سەر شەقام لە سەر هێمای ترافیك

75- کەی کاتی کارپێکردنی ڕووناکی یە (لایت) بەپێی یاسا؟

- ✅ بەکارهێنانی لایت پێش هاتنی تاریکی شەو (لە دەستپێکی پێش رۆژئاوا بون تاکو دوای رۆژهەڵاتن)
- ⊗ لەکاتی لێخورین لە شەقامێکی جەنجاڵ
- ⊗ بە رۆژ لەکاتی لێخورین لە ڕێگاکانی دەرەوەی شار

76- کێ بەرپرسیارە لە نەبەستنی پشتێنی سەلامەتی بۆ هەموو سەرنشینەکان؟

- ✅ لەسەر شۆفێر و سەرنشینەکان بە یەکسانی
- ⊗ تەنها لەسەر شۆفێر
- ⊗ لەسەر ئەو سەرنشینەیە کە پشتێنەکەی نەبەستووە

77- مافی پێشینە بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✅ ئۆتۆمبیلی جوولاو لەسەر ئۆتۆمبیلی وەستاو
- ⊗ ئۆتۆمبیلی وەستاو لەسەر ئۆتۆمبیلی جوولاو
- ⊗ ئۆتۆمبیلی دابەزیو لەسەر ئۆتۆمبیلی سەرکەوتوو

78- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✅ ئۆتۆمبیلی ڕۆیشتوو لە شەقامی سەرەکی لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلەی لە شەقامی لاوەکی دەروات
- ⊗ ئۆتۆمبیلی ڕۆیشتوو لە شەقامی لاوەکی لەسەر ئۆتۆمبیلەی لە شەقامی سەرەکی دەروات
- ⊗ ئۆتۆمبیلی وەستاو لەسەر ئۆتۆمبیلی جوولاو

79- کەی ڕێگە دەدرێت بە لێکرەتبوون بەیەك سات لە دوو ئۆتۆمبیلی کە لە پێشت دەرۆن لە هەمان ڕێرەوی تۆ ؟

- ✅ لەکاتی چۆڵبوونی ئاراستەی بەرامبەر بە تەواوەتی لە ئۆتۆمبێل و نەبوونی هیچ ڕێگایێکی تر بۆ لێکرەتبون
- ⊗ یاسا بەهیچ شێوەیێك ڕێگە بەو لێکرەتبوونە نادات
- ⊗ کاتێك هەردوو ئۆتۆمبیلی کە بەنیازە لێیان ڕەتبی بچووك بێت (صاڵۆن)

80- ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل لەسەر شۆستە ئاساییە؟

- ⊗ لەسەر شۆستەی بە کۆنکریت دروست کراو ئاساییە
- ⊗ لەسەر شۆستەی دەروازەی چونەنێو گەراج ئاساییە
- ✅ نەخێر بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە

81- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✔ ڕۆیشتنی لە ڕێگای ڕاست لەسەر ڕۆیشتنی بازنەیی
- ✖ ڕۆیشتنی لە ڕێگای بازنەیی لەسەر ڕۆیشتنی ڕاست
- ✖ ڕۆیشتن لە شەقامی لاوەکی لەسەر شەقامی سەرەکی

82- ئایا دەکرێت ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ گواستنەوەی سەرنشین بەکاربێت بەرامبەر کرێ؟

- ✔ قەدەغەیە و ڕێگەی پێدراونیە
- ✖ پاش 12ی شەو ڕێگە پێدراوە
- ✖ ڕێگە پێدراوە ئەگەر تەکسی لە بەردەست نەبوو

83- مافی پێشینە ی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✔ ئۆتۆمبیلی پێشکەوتو لە سەر ئۆتۆمبیلی دواوە
- ✖ ئۆتۆمبیلی دواوە لە سەر ئۆتۆمبیلی پێشکەوتو
- ✖ ئۆتۆمبیلی وەستاو لە سەرئۆتۆمبیلی جوولاو

84- ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل لە تەنیشت ئۆتۆمبیلێکی دیکە کە وەستاوە لە شەقام ئاساییە (وەستانی ریزی دووەم)؟

- ✖ لە ڕێگاکانی دەرەوە قەدەغەیە
- ✔ بەهەموو شێوەیێك و لەگشت شەقامەکان قەدەغەیە
- ✖ قەدەغەیە ئەگەر پانتایی شەقامەکە کەمتر بوو لە 15م

85- ئایا دەکرێت دەستکاری یان گۆڕانکاری لە سالیانەی ئوتومبێل یان مۆڵەتی شوفێری بکرێت؟

- ✔ بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە دەستکاری یان گۆڕانکاری بکرێت، تەنیا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆ نەبێت
- ✖ دەتوانرێت ئەگەر هەندێك لە نووسین و ژمارەکانی سەری ڕوون نەبوو
- ✖ دەکرێت لەکاتی بەکارهێنانی وێنەیێکی کۆپیکراو لەسالیانە یان مۆڵەتەکە

86- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✔ ئەو ئۆتۆمبیلەی کە لە یەکتربڕە یا لەگۆڕەپانە لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلەی دەیەوێت بچێتەنێو یەکتربڕەکە یا گۆڕەپانەکە
- ✖ ئەو ئۆتۆمبیلەی دەیەوێت بچێتە نێویەکتربر یان گۆڕەپان لەسەر ئەو ئۆتۆمبیلەی لە نێو یەکتربڕەکەیە
- ✖ ئۆتۆمبیلی دواوە لەسەر ئۆتۆمبیلی پێشەوە

87- ئایا پێویستە لەسەر پیادەکان ملکەچی هێماکانی هاتوچۆ و فەرمانەکانی پۆلیسی هاتوچۆ بن؟

- ✔ بەڵێ پێویستە پیادەکان پابەند بن بە گشت هێماکانی هاتوچۆ و فەرمانەکانی پۆلیسی هاتوچۆ لەهەر شوێنێك بێت
- ✖ بەڵێ، پێویستە پیادەکان تەنها پابەندی هێماکانی هاتوچۆی سەر شەقام بن
- ✖ بەڵێ، پێویستە پیادەکان تەنها پابەندی هێماکانی هاتوچۆی سەر شۆستە بن

88- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✔ بۆ ئۆتۆمبیلی هاتوو لە دیوی ڕاستی یەکتربڕەکان
- ✖ بۆ ئۆتۆمبیلی هاتوو لە دیوی چەپی یەکتربڕەکان
- ✖ بۆ ئۆتۆمبیلی هاتوو لە دیوی بەرامبەر

89- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✔ ئۆتۆمبیلی سەرکەوتوو بۆ هەوراز لەسەر ئۆتۆمبیلی دابەزیو
- ✖ ئۆتۆمبیلی دابەزیو لەسەر ئۆتۆمبیلی سەرکەوتوو بۆ هەوراز
- ✖ ئۆتۆمبیلی وەستاو لەسەر ئۆتۆمبیلی جوولاو

90- ئاماژەکانی پۆلیسی هاتووچۆ پابەندبونە لەسەر هەمووان و گوێڕایەڵبوونی ئەرکە؟

- ✗ بەڵێ لە شەقامە سەرەکی و یەکتربڕەکان
- ✓ بەڵێ لە گشت باروودۆخ و هەموو شوێنەکان
- ✗ بەڵێ تەنها لە کاتی ئاڕاستەکردنی جولەی هاتووچۆی ئۆتۆمبێلەکان

91- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✓ ئۆتۆمبیلەکانی فریاگوزاری لەسەر گشت ئۆتۆمبیلەکانی تر
- ✗ ئۆتۆمبیلەکانی بیناسازی لەسەر ئۆتۆمبیلەکانی تر
- ✗ ئۆتۆمبیلی تایبەت لەسەر ئۆتۆمبیلی فریاگوزاری

92- ئایا دەکرێت شوفێری بکرێت لەدوای وەرگرتنی دەرمان کە کاریگەریی هەبێت لەسەر توانا و بینین ؟

- ✓ نەخێر قەدەغەیە تەنها لە دوای تێپەڕبوونی کاتی بۆ دیاریکراو لە نەمانی کاریگەرییەکانی
- ✗ ڕێگە پێدراوە لەبەرئەوەی دەرمان کاریگەریی لەسەر توانای لێخوڕین نیە
- ✗ ڕێگە پێدراوە دوای تێپەڕبونی دوو کاتژمێر لە خواردنی دەرمان

93- مافی پێشینەی هاتووچۆ بۆیەکێك لەم بارانەی خوارەوەیە؟

- ✓ پیادەکان کە لە شوێنی پەڕینەوە دەڕۆن لەسەر ئۆتۆمبیلەکان
- ✗ ئۆتۆمبیل لەسەر پیادەکانی کە لە شوێنی پەڕینەوە دەڕۆن
- ✗ پێشینە تەنیا بۆ ئۆتومبیلە

94- پێویستە کەسی سوتاو لەڕوداو چارەسەر بکرێت لەسەرەتا بە؟

- ✗ دانانی کرێم مەرهەم لەسەر شوێنی سوتانەکە
- ✗ داپۆشینی شوێنە سوتاوەکە و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە
- ✓ لەبەرکردنەوەی جلوبەرگی سووتاوەکە بەخێرایی

95- ئایا ڕێگا پێدراوە کە ئۆتۆمبیلێکی شکست خواردو لێبخورێت؟

- ✓ لێخوڕینی ئۆتۆمبیلێکی شکست و بروانامەی پشکنینی نەبێت قەدەغەیە
- ✗ ڕێگە پێدراوە بەومەرجەی کێشەی لە برێکی نەبێت
- ✗ ڕێگە پێدراوە ئەگەر کێشەکە لە لایتەکان بوو

96- ژمارەی تەلەفونی بەرگری شارستانی چەندە؟

- ✗ 188
- ✗ 104
- ✓ 115

97- لەکوێ ڕێگەدراوە مۆبایل بەکاربهێنرێت لەکاتی لێخوڕین؟

- ✓ بەکارهێنانی مۆبایل ڕێگە پێدراوە تەنها لە کاتی وەستانی ئوتومبیل یان لە شوێنی ڕێپێدراو بە وەستانی
- ✗ لەکاتی لێخوڕین لە ڕێگاکانی دەرەوە
- ✗ ئەگەر شوفێر مۆبایلەکەی بە دەستی چەپی گرتبێت

98- پابەندبوونی شۆفێر بە هێمای ترافیك یان ئاماژەکانی دەستی پۆلیسی هاتوچۆ سزاکەی یەکێك لەمانەی خوارەوەیە؟

- ✓ پێبژاردن
- ✗ بەندکردن
- ✗ بەند کردن وپێبژاردن

99- لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بەپێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتن سزاکەی یەکێك لەمانەی خوارەوەیە؟

- ✔ پێبژاردن
- ✘ دەست بەسەرداگرتنی ئوتومبیلەکە
- ✘ دەست بەسەرداگرتنی ئوتومبیلەکە و پێبژاردن

100- ئەو شەقامانەی کە دەتوانرێت تیایدا ڕێڕەوی ئەوپەڕی راست بەکاربهێندرێت لەکاتی لێخورین؟

- ✘ شەقامی دووڕێڕەو
- ✘ شەقامی یەك ڕێڕەو
- ✔ گشت شەقامەکان

101- لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بێ لایتی پێشەوە و دواوە قەدەغەیە وسزای یەکێك لەمانەی خوارەوە یە؟

- ✘ بەندکردن
- ✘ بەندکردن و پێبژاردن
- ✔ پێبژاردن

102- لە شەقامێکی یەك ئاراستە کەی دەتوانیت لە ڕێگە بدرێت بە لێخورین بە پێچەوانەی ئاراستەی ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیلەکان؟

- ✔ تەنها پۆلیسی هاتووچۆ بۆی هەیە ڕێگە بدات لە هەندێك بارودۆخی تایبەت کەپێویست بێت
- ✘ شوفێرەکانی تر دەتوانن ڕێگەت پێبدەن
- ✘ بە هەموو شێوەیێك قەدەغەیە تەنانەت ئەگەر بە فەرمانی پۆلیسی هاتووچۆش بێت

103- لێخوڕینی ئۆتۆمبیلی بێ تابلۆ قەدەغەیە وسزاکەی یەکێك لەمانەی خوارەوەیە؟

- ✘ دەست بەسەر داگرتنی ئوتومبیلەکە
- ✘ دەست بەسەر داگرتنی ئوتومبیل وبەندکردنی شوفێرەکەی
- ✔ پێبژاردن

104- کەی ڕێگە دەدرێت بە لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەسەر شۆستە؟

- ✔ بە هەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ✘ ڕێگەپێدراوە ئەگەر شۆستەکە خاڵی بێت لە خەڵکی پیادە
- ✘ ڕێگەپێدراوە ئەگەر پانتایی شۆستەکە زیاتر بوو لە 5m

105- کەی ڕێگە دەدرێت بە وەستانی ئۆتۆمبیل لەسەر پرد یان لەنێو تونێل؟

- ✔ بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ✘ ئاساییە لەکاتی ڕۆژ
- ✘ ئاساییە ئەگەر پردەکە یان تونێلەکە زیاتر لە سێ ڕێڕەوی هەبێت

106- لە کام ڕێچکەی شەقام شۆفێری تراکتۆر بۆی هەیە لێخورێت ؟

- ✔ بەکارهێنانی شانی ڕێگا لەڕێگاکانی دەرەوە
- ✘ لەهەمو بەشەکانی ڕێگاکە
- ✘ ڕێرەوی چەپ لە ڕێگاکانی دەرەوە

107- لە کامە شەقام ڕێگە دەدرێت بە لێخورینی تراکتۆر ؟

- ✔ لە شەقامە کشتوکاڵی و شەقامی سنوری گوندەکان
- ✘ لە شەقامە خێراکان
- ✘ لە شەقامە ناوخۆییەکان

108- ڕێگەی دروست چیە بۆ ئەنجام دانی سورانەوە بەرەو لای ڕاست؟

- ✔ لێخوڕین بەرەو ڕێرەوی ڕاست دوای دڵنیابوون لە خاڵی بونی و هەڵکردنی لایتی سووڕانەوە بەرەو دیوی ڕاست و کەمکردنەوەی خێرایی ئۆتۆمبیل
- ⊗ پێ کردنی لایتی سورانەوە لە هەر ڕێرەوێك بیت وە ڕۆیشتن ڕاستەوخۆ بۆنێو دەرچەی سووڕانەوە
- ⊗ ڕۆیشتن بەرەو ئەو سووڕانەوەی کە مەبەستتە بێ دوو دڵی لە پێناو دروست نەبوونی قەڵەباڵغی

109- ڕێکارەکانی شۆفێر چین لەدوای ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکەی و جێهێشتنی لە شوێنێکی ڕێکخراو بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل؟

- ✔ دڵنیابوون لەوەی ئۆتۆمبیلەکە کوژاوەتەوە و دەرگاکان داخراوە و هاندبرێك ڕاکێشراوە
- ⊗ جێهێشتنی ئۆتۆمبیل بێ ڕاکێشانی هاندبرێك و دانانی لە بۆش
- ⊗ دانانی سێگۆشەی فسفۆر لە دواوەی ئۆتۆمبیلەکە

110- ئەو خاڵانە چین کە پێویستە لێیان دڵنیا بیت پێش سووڕانەوە بەرەو ئاڕاستەی ڕاست؟

- ✔ چۆڵبوونی ڕێرەوەکانی دیوی لای ڕاستی شەقامەکە لە ئوتومبێل
- ⊗ چۆڵبوونی ڕێرەوەکانی دیوی لای چەپی شەقامەکە
- ⊗ بەکارهێنانی لایتەکانی ئاگادارکردنەوە

111- مەرجەکانی لێخوڕینی کشانەوە بۆ دواوە (بەگ)چین؟

- ✔ دڵنیابوون لە چۆڵبوونی شەقام لە دواوەی ئۆتۆمبیل و بینین بە ئاستێکی باش و بەکارهێنانی لایتی ئاگادارکردنەوە ی چوارینەو بەگ لێدان بەڵام نابێت زیاتر بێت لە 10م
- ⊗ بەگ لێدان مەرجی مەودای بۆ دانەنراوە
- ⊗ ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیل بەرەو دواوە مەرجدارنەکراوە بەبونی لایتی ڕەنگ سپی دواوە

112- چۆن ئوتومبێلەکەت لەشەقام پارك دەکەیت؟

- ✔ هاوتەریب لەگەڵ لێواری شەقامەکە لە شوێنی هێماکراو و دیاریکراو بۆ وەستان و پێویستە بە 30سم دوورتر نەبێت لە شۆستەکە
- ⊗ ڕاگرتنی ئۆتۆمبیلەکە بە گۆشەی 30پلە لە لێواری شۆستەی هەر شەقامێك
- ⊗ ڕاگرتنی ئۆتۆمبیل لە شوێنی پەڕینەوەی پیادەکان تاکو بە ئاسانی بتوان بپەڕنەوە

113- لەکاتی ڕووبەڕوو بوونی دوو ئۆتۆمبیل لەشەقامێکی تەسك و ڕاست، لە سەر تۆیە چی بکەیت؟

- ✔ کەمکردنەوەی خێرایی و ئاڕاستەکردنی ئۆتۆمبێل بەرەو لێواری شەقامەکە لە فراوانترین شوێنی بۆ خۆلادان لە پێکدادان
- ⊗ ڕووبەڕوبون لە تەسکترین خاڵی شەقامەکە و داخستنی ڕێگاکە
- ⊗ هەوڵدان لەلایەن شوفێری ئۆتۆمبێلە گەورەکە بە زیادکردنی خێرایەکەی بۆ یەکەم جار تێپەڕبون لەخاڵە تەسکەکە

114- چۆنیەتی ڕەفتارکردنی شۆفێران لە شەقامە تەسك یان نشێوەکان یان هەورازی تیژ؟

- ⊗ ئەوەی یەکەم بگات ئەو تێدەپەڕێت
- ✔ پێویستە لەسەر شۆفێری ئۆتۆمبیلی دابەزیو لە هەوراز بوەستێت تاوەکو ئۆتۆمبیلی سەرکەوتوو تێدەپەڕێت
- ⊗ پێویستە لە سەرشۆفێری ئۆتۆمبیلی سەرکەوتوو لە هەوراز بوەستێت تاوەکو ئۆتۆمبێلی دابەزیو تێدەپەڕێت

115- ئایا دەتوانین ئۆتۆمبیل لێخوڕین لەکاتێك هەموو یان بەشێکی جەستەمان لەدەرەوەی ئۆتۆمبیلەکە بێت؟

- ✔ نەخێر بەهەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ⊗ ڕێگەی پێدراوە بۆ کامیۆن و ئۆتۆمبیلەکانی فریاگوزاری
- ⊗ بەڵێ ڕێگە پێدراوە لە شەقامەکانی دەرەوەی شارەکان

116- کەی لایتی بەرز بەکاردێت بۆڕوناك کردنەوە لەشەودا لەشەقامێك کەهاتن وچونی لەسەر بێت و یەك ڕێرەوبێت؟

- ✔ لەکاتی نەبونی ئوتومبیل لەئاڕاستەی بەرامبەر
- ⊗ بە شێوەیێکی بەردەوام
- ⊗ کاتی بونی ئوتومبیل لە ئاڕاستەی بەرامبەر بەژمارەیێکی کەم

117- ئایا پێویست دەکات مۆڵەتی لێخوڕین هەڵبگریت هەر کاتێک شوفێری بکەیت ؟

- ✗ مەرج نیە بەڵکو تەنیا پێویستە مۆڵەتت هەبێت
- ✗ مەرج نیە بەڵکو تەنیا بۆ گەشتی دوور مۆڵەت پێویست نیە
- ✓ بەڵێ

118- کاتێک نزیک دەبیتەوە لە یەکتر بڕێک ودەبینیت ئوتومبیلێکی تر لەلای ڕاستەوە دێت پێویستە لەسەرت؟

- ✓ ئامادەبێت بۆ وەستان وە ڕێگا بدەیت بە ئوتومبیلەکەبۆ تێپەڕین
- ✗ خێراییت زیاد بکەیت بۆدەرچون لەیەکتر بڕەکە
- ✗ ئامێری ئاگادارکەرەوە (هۆڕن)بەکاربێنیت بۆئاگادار کردنەوەی شوفێرەکەی لای ڕاست بۆ نزیك نەبونەوە لەیەکتر بڕەکە

119- لەکاتی چونە نێو ڕێگاو دەستکردن بەجولەی ئوتومبیلەکەت پێویستە لەسەرت سەیری ئاوێنەکان بکەیت بۆدلنیابون لەوەی ؟

- ✗ شەقامەکە چۆڵە لەپیادە
- ✗ شەقامەکە چۆڵە لەئوتومبیل
- ✓ شەقامەکە چۆڵە لەپیادە و هەموو جۆرەکانی ئوتومبێل

120- ئەو ڕێکارانە چین کە پێویستە بیانگریتە بەر لەکاتی لێخوڕین لەکەشێکی تەماوی؟

- ✓ کەمکردنەوەی خێرایی و پێکردنی لایتی نزم (ناصی)
- ✗ لێخوڕین بەشێوەیێکی ئاسایی و بەکارهێنانی فلاش
- ✗ بەکارهێنانی فوول لایت و وەستان لە تەنیشتی شەقامەکە

121- کەی دەتوانیت مانۆڕی لێك ڕەتبوون ئەنجام بدەیت لەدوو ئوتومبیل کەلەپێشتەوە دەڕۆن؟

- ✗ ئەگەر مەودای بینین باش نەبو وەشەقامەکە قەرەبالغ بو
- ✗ ئەگەر هەردوو ئوتومبیل لەجۆری بارهەڵگر بون
- ✓ ئەگەر هیچ ڕێگرێك نەبێت بۆ لێك ڕەتبوون یا لەکاتێکدا کەبتوانیت لێك ڕەتبوونەکە ئەنجام بدەیت بە بێ هیچ مەترسیێك

122- ئەرکی شوفێران چیە کاتێك ڕوبەڕوی یەکتر دەبنەوە لەشەقامێکی بەرتەسکی نارێك؟

- ✗ لای چەپی ڕێگاکە بگرن
- ✗ خێراییان زیاد بکەن بۆدەربازبون لەمەترسیەکە
- ✓ هێمن ولەسەرەخۆ بن بەرەو ئەوپەری لای ڕاستی ڕێگاکە یان سەر شۆلدەرەکە بڕۆن بۆدوورکەوتنەوە لە پێکدادان

123- ئەرکی شوفێران چیە کاتێك لەڕێگایێکی هەورازی سەخت کەشەقامەکەی یەك ڕێڕەوو دووئاراستەبێت بۆهاتن وچون بەکاربێت ڕو بەڕودەبن؟

- ✗ لێخوڕین بەخێرایی ئاسایی وەبەبێ ڕێگە کردنەوەی یەکیان بۆ ئەوەی تر
- ✗ ئەگەر پێویستی کرد ئەو ئوتومبیلەی سەردەکەوێت لەهەورازەکە پێویستە بوەستێت تاکو ئەوەی دادەبەزێت تێپەڕێت
- ✓ ئەگەر پێویستی کرد ئەو ئوتومبیلەی دادەبەزێت پێویستە بوەستێت تاکو ئەو ئوتومبیلەی سەردەکەوێت تێدەپەڕێت

124- یەکێك لە فاکتەرە سەرەکییەکانی سەلامەتی و دڵنیایی ئۆتۆمبێل لەکاتی لێخوڕینی لە شەقامدا ؟

- ✓ هەبوونی مەرجەکانی سەلامەتی و دڵنیایی (پشکنینی تەکنیکی خولی بۆ ئۆتۆمبیلەکان)
- ✗ سەلامەتی پەیوەندی بە پشکنینی تەکنیکی ئۆتۆمبیلەکان نیە
- ✗ بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ پشت نابەستن بە پشکنینی تەکنیکی لەکاتی نوێکردنەوەی سالیانەی ئۆتۆمبیلەکان

125- ئەو دەرمانانەی کاریگەریان هەیە وەپێویستە نەخورێن بەر لە شوفێری وە لەکاتی شوفێری کردن ئەمانەن؟

- ✗ هێمن کەرەوەکان وئازار شکێنەکان ودەرمانەکانی خەولێکەتن
- ✗ هەندێك لەدەرمانەکانی تایبەت بە چارەسەری فشاری خوێن ورشانەوەو هەستیاری وهەوکردن
- ✓ هەمو ئەودەرمانانەی کەباسکران

126- لەپێناوفەراهەم کردنی عەمبارکردنی سوتەمەنی بەشێوەیێکی سەلامەت بۆئوتومبیلەکان پێویستە؟

- ⊗ بزوێنەرەکان بکوژێنرێنەوە لەکاتی تێکردنی سوتەمەنی
- ⊗ جگەرە نەخورێت لە وێستگەکانی تێکردنی سوتەمەنی
- ✔ هەمو ئەوانەی کەباسکران

127- ئەگەر مادەی سەرخۆشکەر یان هۆشبەری نایاساییت خوارد؟

- ✔ پێویستە ئۆتۆمبیل لێ نەخورێت
- ⊗ پێویستە قاوەیێك بخۆیتەوە بەر لەشوفێری کردن
- ⊗ دەتوانی ئوتومبێل لێبخورێت بەلام بەهێواشی وەتەنیا لە ڕێگاچوڵەکان

128- ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی دووکەڵی شین لە ئگزۆز؟

- ✔ تێکچونی بزوێنەر یان شکانی پستۆنەکان یا ئەلقەکانی دەوری
- ⊗ کەمی روون لە بزوێنەر
- ⊗ بەکارهێنانی رووني زۆرچڕ

129- لەڕووی یاساییەوە ئەوکەسەی بەنیازە مۆڵەتی لێخوڕینی گشتی دەربهێنێت دەبێت تەمەنی؟

- ⊗ 18ساڵی تەواوکردبێت
- ✔ 20ساڵی تەواو کردبێت
- ⊗ 22ساڵی تەواو کردبێت

130- لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە شەو پێویستە ؟

- ⊗ لێخورین لە نزیکی ئۆتۆمبیلی پێشەوەت بۆئەوەی شۆفێرەکەی بە رووني بتبینێت
- ✔ هێشتنەوەی مەودایێکی دوور لەنێوان ئۆتۆمبیلەکەت و ئۆتۆمبیلەکەی پێشەوەت
- ⊗ بەکارهێنانی لایتی ئاگادارکردنەوە لە مەترسییەکان لەکاتی تێپەڕبوون لە ئۆتۆمبیلەکانی دیکە

131- لەڕووی یاساییەوە ئەوکەسەی بەنیازە مۆڵەتی لێخوڕینی ئوتومبێلی بیناسازی دەربهێنێت دەبێت تەمەنی؟

- ✔ 20ساڵی تەواوکردبێت
- ⊗ 18ساڵی تەواوکردبێت
- ⊗ 22ساڵی تەواوکردبێت

132- لەکاتی لێخورین لە شەودا لەنێو ریزێك ئۆتۆمبیل، ئەو مەودایە چەندە کەدەبێت بیهێڵیتەوە لەنێوان ئۆتۆمبێلەکەتو ئەوانەی پێشت بەپێی سیستەمی سێ چرکەی؟

- ✔ نزیکەی چوار چرکە لەبەرئەوەی ڕەنگە لە خەملاندنی دوورییەکان لەشەودا هەڵەبکرێت
- ⊗ نزیکەی دوو چرکە تاوەکو بتوانیت چاودێری ئۆتۆمبیلەکانی پێشەوەت لە نزیکەوە بکەیت وەبنینیان کاتێك دەوەستن
- ⊗ هەمان مەودای سێ چرکەکان کە بە رۆژ دەیهێڵیتەوە

133- لەڕووی یاساییەوە ئەوکەسەی کەبیەوێت مۆڵەتی لێخورینی ئوتومبێلی تایبەت دەربهێنێت دەبێت تەمەنی؟

- ✔ 18ساڵی تەواوکردبێت
- ⊗ 20ساڵی تەواوکردبێت
- ⊗ 22ساڵی تەواوکردبێت

134- هەر کەسێك هەڕەشە و پەلاماری پۆلیسی هاتوچۆ بدات لەکاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سزا دەدرێت بە؟

- ⊗ پێبژاردن
- ✔ زیندانی دەکرێت بۆ ماوەیێك زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ
- ⊗ هیچ ڕێکارێکی لەگەڵ ناگیرێتەبەر

135- لەکاتی لێخوڕین بە شەو پێویستە بەردەوام لایتی بەرز هەڵبکەیت تەنیا لە باری ئەگەر ئۆتۆمبیل لەبەرامبەرت هات یا لە ئۆتۆمبیلەکەی پێشت نزیکبوویتەوە؟

- ✔ بەڵێ
- ✘ نەخێر
- ✘ بەکارهێنانی لایتی نزم(ناصی)

136- هەر کەسێك پەلاماری پۆلیسی هاتوچۆ بدات لەکاتی راپەڕاندنی ئەرکی وە ئەگەر هاتوو لە ئەنجامی پەلاماردانەکەو بەرگری کردنی لەخۆی بریندداربو یا ئازاری پێگەیشت سزا دەدرێت بە؟

- ✘ مۆلەتی شوفێریەکەی لێیدەکێشرێتەوە بۆهەتا هەتایە
- ✘ دانی پێبژاردنی دارایی
- ✔ زیندانی دەکرێت بۆ ماوەیەك زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ

137- لێخوڕین بە خێراییکی زیاتر لەدوا پلەی دەستنیشانکراو تەنها لەوکاتە دەبێت کە؟

- ✘ بتەوێت لەئوتومبێلەکەی پێشت ڕەت بیت
- ✘ ئوتومبێلەکانی پێشت بەخێراییەکی زۆر برۆن وەسنوری خێراییان بەزاندبێت
- ✔ یاسا بە هیچ شێوەیێك رێگەی پێ نادات کەلەسنوری خێرایی دەستنیشانکراو دەربچیت

138- ئەگەر هاتوو تایەی یەدەگی ئوتومبێلەکەت لوس و تێکچو بو وە ناچاربوویت بەکاریبهێنیت ئایا رۆیشتن بەو تایە سپێرە یاساییە؟

- ✘ بەڵێ، بەو مەرجەی تایەکە پڕ هەوا بێت و پاڵەپەستۆی گونجاو بێت
- ✘ بەڵێ، بەڵام پێویستە تایە پەنچەرەکە لەماوەی بیست و چوار کاتژمێر چاك بکەیت
- ✔ نەخێر، لێخوڕین بە تایەی لووس کارێکی نا یاساییە تەنانەت ئەگەر تایە سپێرەکەش بێت

139- بەپێی ریزبەندی پێشینەکانی هاتووچۆ کاتێك دەست بەجوڵە دەکەیت بەئوتومبیلەکەت بۆچونەژورەوەی رێگا پێویستە؟

- ✘ دەستبەجێ دەست بە جولە بکەیت و بەبێئەوەی سەیری شەقامەکەبکەیت
- ✔ بوەستێت و سەیری شەقامەکە بکەیت لەرێگەی ئاوێنەکانەوە کاتێك هەلت بۆ رەخسا و شەقام چۆلبو ئینجا دەست بەجوولە بکەیت
- ✘ رێگە بەهیچ ئۆتۆمبێلێك مەدەو تەنها ئوتومبێلەکانی فریاکەوتن نەبێت

140- چۆن ژینگە دەپارێزیت و دەبیت بە دۆستی؟

- ✘ بە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە خێرایی 110کم/ لە کاتژمێرێك
- ✘ بە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە خێرایی 100کم/ لە کاتژمێرێك
- ✔ بەلێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە خێرایی لەنێوان60 – 70کم/ لە کاتژمێرێك

141- چۆن ژینگە دەپارێزیت و دەبیت بە دۆستی؟

- ✘ هێشتنەوەی کارکردنی بزوێنەر بۆ گەرمداهاتن ماوەی زیاتر لە سێ خولەك لە وەرزی زستان
- ✔ هێشتنەوەی کارکردنی بزوێنەر بۆ گەرمداهاتن ماوەی یەك خولەك لە وەرزی زستان یا هاوین
- ✘ هێشتنەوەی کارکردنی بزوێنەر بۆ گەرمداهاتن ماوەی زیاتر لە پێنج خولەك لە وەرزی زستان

142- تۆ لەشەقام لێخوڕین دەکەیت ولەناکاو ئوتومبیلەکەت پەکی دەکەوێت .پێویستە چی بکەیت؟

- ✔ پێکردنی چوار فلاش و پاڵنانی ئۆتۆمبیل بۆ راگرتنی لە ڕێرەوی ئەوپەڕی لای ڕاست بەزووترین کات و پاشان دانانی سێگۆشەی فسفۆر
- ✘ جێهێشتنی ئۆتۆمبیلەکە هەر لە جێگەی خۆی و دانانی سێگۆشەی فسفۆری لە دواوەی بە دووری 50م
- ✘ دەستکردن بە چاککردنی ئۆتۆمبیلەکە هەر لە جێگەی تێکچوونی لەسەر هەر ڕێرەوێك بێت

143- لەکاتی بەرکەوتنی شلەی ترشی پاتری ئۆتۆمبێل (تیزاب) بە پێستی مرۆڤ پێویستە؟

- ✘ گواستنەوەی کەسەکە بۆ نەخۆشخانە
- ✘ لێی دەگەڕێن تاکو ئۆتۆمبیلی فریاکەوتن دەگاتە شوێنەکە بە مەبەستی گواستنەوەی
- ✔ دەبێت شوێنی بەرکەوتنەکە بەزووترین کات بە ئاو بشۆردرێت

144- کەی پێویستە شوفێر ئاماژەکانی رووناکی ئوتومبیلەکەی دابگیرسێنێت؟

- ✔ کاتێک بەنیازە رێڕەوەکەی بگۆڕێت
- ✘ کاتێک دەگاتە لێژاییەکەی تیژ
- ✘ کاتێک دەگاتە پۆلیسی هاتووچۆ

145- لە کاتی وەستانی جولە لەشەقامە قەڵەباڵغیەکان بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکەت بکوژێنەوە ئەگەر ماوەی چاوەڕوانی تێپەڕی لە؟

- ✘ پێنج خولەك
- ✔ سێ خولەك
- ✘ حەوت خولەك

146- ئەو هۆکارانە چین کە دەبێتە هۆی درووستبوونی تەقە تەق لەکاتی بەکارخستنی بزوێنەر یان بەکارهێنانی ئۆتۆمبیل لەژێر باری قورس یان بە بەتاڵی؟

- ✔ بەکارهێنانی بەنزین بە ئۆکتانی نزم
- ✘ دانەنانی قورساییەکی زۆر لەسەر توانای بزوێنەر
- ✘ بەنزین لە تەنکی کەمی کردووە

147- لە هەرە مەترسیدارترین لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لە شەقامە هەڵخلیسکاوەکان بریتیە لە ؟

- ✘ لێخورین بەخێرایی کەم
- ✘ بەکارهێنانی پشتێنی سەلامەتی
- ✔ لێخورین بە خێرایی زۆر

148- ئایا ئامێری ئاگرکوژێنەوە گرنگە لە ئۆتۆمبێلدا هەبێت؟

- ✔ بەڵێ
- ✘ نەخێر
- ✘ گرنگ نیە

149- لە ڕوی یاساییەوە کاتێك لەسەر پردێك دەرۆیت وئوتومبیلێك لەپێشتە دەتوانی ؟

- ✘ رێگە پێدراویت لێی رەت بیت وبەپێشی بکەویەوە
- ✔ لێ ڕەتبوونی قەدەغەیە
- ✘ تەنها ئەگەر ئوتومبیلێکی بارهەڵگرت لێدەخوری بۆت نیە مانۆری لێکرەتبونەکە ئەنجام بدەیت

150- یەکێك لە هۆکارەکانی گەرمبوونی بزوێنەرئەوەیە؟

- ✔ کەمی ئاو لە سیستەمی ساردکردنەوە یان تێکچوونی قەباغی رادێتەر
- ✘ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەکەشێکی تەماوی
- ✘ لێخورین لە کەش و هەوای سارد

151- لەڕووی یاساییەوە مۆڵەتی لیخوڕینی ماتۆڕسکیل دەدرێت بە کەسێك کە تەمەنی ؟

- ✘ 17ساڵی تەواو کردبێت
- ✔ 16ساڵی تەواو کردبێت
- ✘ 18ساڵی تەواو کردبێت

152- ئایا فسفۆری سێگۆشە گرنگە لە ئۆتۆمبێلدا هەبێت؟

- ✔ بەڵێ
- ✘ نەخێر
- ✘ گرنگ نیە

153- ئایا تایەی یەدەگ و پێداویستیەکانی گرنگە لە ئۆتۆمبێلدا هەبێت؟

- ✅ بەڵێ
- ⊗ نەخێر
- ⊗ گرنگ نیە

154- ئایا ئەگەر ئۆتۆمبێل لێچوونی سوتەمەنی هەبێت لە سیستەمەکەیدا دەبێتە هۆی دەرنەچوونی ئۆتۆمبێل لە پشکنینی سالانە ؟

- ✅ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ گرنگ نیە

155- بارکردنی سەرنشین بە ژمارەی زیاتر لەوەی دیاری کراوە بۆئوتومبیلەکە قەدەغەیە چونکە؟

- ✅ دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداو لەبەرئەوەی ڕێگری لە شۆفێر دەکات و بەرچاوی دەگرێت
- ⊗ لەبەر ئەوەی دەبیتە هۆی بێزارکردنی سەرنشینەکان
- ⊗ تێکچونی ئوتومبیلەکە

156- ئایا لێچوونی ڕۆنی برێك (استاپ) دەبێتە هۆکاری دەرنەچوونی ئۆتۆمبێل لە پشکنینی ساڵانە ؟

- ✅ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ گرنگ نیە

157- ئایا کارنەکردنی هاندبرێك دەبێتە هۆکاری دەرنەچوونی ئۆتۆمبێل لە پشکنینی سالانە ؟

- ✅ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ گرنگ نیە

158- لە کاتی گەیشتنت بە یەکتر بڕێك لەنێو گەڕەك نشینەکان وە لە نەمانی مەودای بینین بەهۆی باڵەخانەو درەختەکان لەدیتنی یەکتر بڕەکە پێویستە لەسەرت؟

- ✅ لەدەروازەی یەکتر بڕەکە بوەستی وەلەدوای دڵنیابون لەچۆلبونی بەهێواشی دەست بکەیتەوە بەڕۆیشتن بەئاگایی
- ⊗ لەناوەندی یەکتر بڕەکە بوەستە وتەماشای لایەکانی تر بکەو ئینجا بڕۆ
- ⊗ مەوەستەو وتەنها هۆرنێك لێبدە بۆئاگادار کردنەوەی شوفێرەکانی تر

159- هۆکارەکانی تێکچوونی تایەکان (بەتایبەتی تایەی پێشەوە) بە خێرای دەگەڕێتەوە بۆ؟

- ✅ تێکچونی گێچی تایەکانی پێشەوە
- ⊗ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بەبێ سەرنشین
- ⊗ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل لەڕێگاکانی ناوەوەی شارەکان

160- ئایا شکان و نەبوونی ئاوێنەی تەنیشتەکانی ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆکاری دەرنەچوونی ئۆتۆمبێل لە پشکنینی سالانە ؟

- ✅ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ گرنگ نیە

161- ئایا کارنەکردنی فلچەی جامەکانی ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆکاری دەرنەچوونی ئۆتۆمبێل لە پشکنینی سالانە ؟

- ✅ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ⊗ گرنگ نیە

162- شانی ڕێگا بەشێکی شەقامە دەکەوێتە هەردوو دیوی قیرتاوە یا چەو ڕێژکراوە وە پانتاییەکەی تێناپەڕێت ؟

- ✔ له 2.5م
- ✖ له 3.5م
- ✖ له 4.0م

163- ئایا دەکرێت ئوتومبیلەکەت ڕابگریت لەتەنیشت ئوتومبیلێکی تر کە لەلێواری ڕێگا ڕایگرتبێت (ڕاگرتن بەدوو ریز)؟

- ✔ نەخێر قەدەغەیە بەهەموو شێوەیێك
- ✖ بەلێ دەبێت ئەگەر پانتایی ڕێگاکە یارمەتیدەر بێت بۆ ڕاگرتنەکە
- ✖ بەلێ ڕێگەپێدراوە بۆماوەیەکی کورت

164- لەچ کاتێك ڕێگە دەدرێت ئوتومبێل ڕابگریت لەسەر پرد یا لە ناو تونێلێك؟

- ✔ هیچ کات ڕێگەپێدراو نیە وە قەدەغەیە
- ✖ تەنها لەکاتی شەو قەدەغەیە
- ✖ ڕێگەپێدراوە ئەگەر بۆماوەیەکی کورت بێت

165- لە چ کاتێك پێویستە ڕۆنی بزوێنەری ئوتومبیلەکان بگۆڕدرێت؟

- ✔ ڕوونی بزوێنەر دەگۆڕدرێت بەپێی گێچی ڕۆیشتنی ئۆتۆمبیل و جۆروخەسڵەتەکانی ڕوونەکە
- ✖ ڕوونی بزوێنەر پاش 1000کم پێویستە بگۆڕدرێت
- ✖ ڕوونی بزوێنەر دەگۆردرێت لە وەرزی زستان و هاوین

166- هەر کەسێك ئۆتۆمبیل لێخورێت بە سەرخۆشی یا لەژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر سزا دەدرێت بە؟ هەر کەسێك ئۆتۆمبیل لێخورێت بە سەرخۆشی یا لەژێر کاریگەری بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرسزادەدرێت بە؟

- ✖ پسوولەی سزای پێ دەدرێت
- ✖ ئۆتۆمبیلەکە ی دەستی بەسەر دادەگیرێت
- ✔ بەندکردنی یا پێبژاردنی یا بە هەردوو سزاکە

167- ئایا هەلکردنی گلۆپی ڕووناکی بزوێنەر لە نێو داشبوردی ئۆتۆمبێل دەبێتە هۆی دەرنەچوونی لە پشکنینی ساڵانە؟

- ✖ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ✖ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ✔ تەنیا نمرەی دادەبەزێت

168- ئایا ئەگەر ئۆتۆمبێل لایەتەکانی بەرز و نزمی زینۆنی ڕەسەن بێت لە پشکنینی سالانە دەردەچێت؟

- ✔ بەڵێ دەردەچێت
- ✖ نەخێر دەرناچێت
- ✖ گرنگ نیە

169- لێك ڕەتبون ڕێگەپێدراوە لە شەقامێکی دوو ڕێڕەو ؟

- ✖ لە دیوی لای ڕاست
- ✖ ئەگەر هاتوو هێمای هاتووچۆ هەبێت ئەم کارە قەدەغەبكات
- ✔ لە دیوی لای چەپ

170- ئایا ئەگەربۆنیدی ئۆتۆمبێل گیربێت و نەکرێتەوە دەبێتە هۆکاری دەرنەچوونی لە پشکنینی سالانە ؟

- ✔ بەڵێ دەبێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ✖ نەخێر نابێتە هۆکاری دەرنەچوون
- ✖ گرنگ نیە

171- ئەنجامدانی مانۆڕی لێك ڕەتبوون قەدەغەیە لە ؟

- ⊗ لە دیوی لای چەپی ئوتومبیلەکان
- ✔ لە نزیك ناوچەکانی پەڕینەوەی پیادە
- ⊗ بە بێ ئاگادارکردنەوەی ئەو شۆفێرەی مەبەستتە لێی ڕەتبی

172- ئایا لە باری دانانی بەرزکەرەوەی دەنگ لە گزۆری ئۆتۆمبێل لە پشکنینی سالانە دەردەچێت؟

- ⊗ بەڵێ دەردەچێت
- ✔ نەخێر دەرناچێت، دەبێت لەسەر شێوازی دروست کردنی بێت
- ⊗ گرنگ نیە

173- دەکرێت مۆبایل بەکاربهێنرێت لەلایەن شۆفێر لەکاتی ؟

- ⊗ دانیشتنی سەرنشیی پێشەوە لەگەڵی
- ⊗ هەڵگرتنی مۆبایلەکە بە دەستی چەپ
- ✔ وەستانی ئۆتۆمبیلەکە بە تەواوەتی لە شوێنێکی گونجاو

174- ئایا ئەگەر سۆندەی برێك (استاپ) لێچونی ڕۆنی هەبێت لە پشکنینی سالانە دەردەچێت؟

- ⊗ بەڵێ دەردەچێت
- ✔ نەخێر دەرناچێت
- ⊗ گرنگ نیە

175- سودەکانی پشتێنی سەلامەتی؟

- ⊗ تەنها بۆ شوفێرە
- ✔ بۆ شوفێرو گشت سەرنشینەکانی ترە
- ⊗ هیچ سودێکی نیە و گرنگ نیە

176- هەوڵمەدە ئۆتۆمبیلەکەت لێبخوڕی ئەگەر بزوێنەرەکەی سارد بو وەبەئیشکراوی جێی مەهێڵە بۆ گەرم داهاتن زیاتر لە؟

- ⊗ سێ خولەك لە وەرزی زستان
- ⊗ پێنج خولەك لە وەرزی زستان
- ✔ یەك خولەك لە وەرزی زستان

177- سوودی جێگیربوونی پاتری چیە؟

- ⊗ زوو هەڵ بوونی ئۆتۆمبێل
- ⊗ پارێزگاری کردن لە سلفی ئوتومبێل
- ✔ ئۆتۆمبێل دەپارێزی لە هەر گرفتێك وەك تێك چوون و پچرانی تۆڕی کارەبا و گرگرتن

178- لەحاڵەتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلێك لە ئۆتومبێلەکەی تۆ پێویستەچی بکەیت بۆئەنجامدانی مانۆڕەکە بەسەلامەتی ؟

- ✔ یارمەتی بدەیت لەڕێگەی مانەوەت لەڕێڕەوی خۆت لەلای ڕاستی ڕێگا وەکەمکردنەوەی خێراییت تاکو تێپەڕاندنەکە ئەنجام دەدرێت
- ⊗ دەرهێنانی دەستت بۆئەوەی ئاماژە بدەیت بۆتێپەڕاندنەکە
- ⊗ زیادکردنی خێرایی ئۆتۆمبیلەکەت بۆئەوەی تێنەپەڕێ

179- نابێت بەرکەوتەی هەوای کە ڕووبەڕووی ئۆتۆمبیلەکەت دەبێتەوە زیادبکەیت بەدانانی بال وەك جوانکاری یان هەر شتێکی تر کە ببێتە هۆی زیادبونی بەرکەوتنی هەوا چونکە زیادبوونی دەبێتە هۆی ئەوەی ؟

- ⊗ بەکاربردنی تایەکان
- ✔ بەکاربردنی سووتەمەنی زیاد
- ⊗ تەمەنی ئۆتۆمبیلەکە زیاد دەکات

180- ئایا لێچوونی سوتەمەنی لە بەشەکانی ئۆتۆمبێل مەترسیدارە؟

- ⊗ تەنها ئەگەر لە تانکی سوتەمەنی بێت
- ⊗ تەنها ئەگەر لە بۆریەکان بێت
- ✔ لە هەر هەمووی مەترسیدارە

181- لەکاتی گۆڕینی رۆنی بزوێنەر رۆنە پیسەکە فڕێ دەدرێتە ؟

- ⊗ ناو ئاوەڕۆ
- ⊗ سەر زەوی
- ✔ لە شوێنی تەرخانکراو

182- سودی پشکنینی سالانەی شیاوی ئۆتۆمبێل چیە؟

- ⊗ بۆ پارێزگاری لە ئۆتۆمبێلەکەیە
- ⊗ بۆ پارێزگاری شوفێرە
- ✔ بۆ پارێزگاری ئۆتۆمبێل و شوفێرو کەسانی تره

183- دەرچونی بار لەتەنیشتەکانی ئوتومبێلی بارهەنگر دەستنیشانکراوە بە مەودایەك کە بریتیە لە؟

- ✔ دوا پلە بە 15سم
- ⊗ دوا پلە بە 50سم
- ⊗ دوا پلە بە 80سم

184- پێویستە چارەسەری سەرەتایی بۆ بریندارەکانی رووداوی هاتوچۆ ئەنجام بدرێت ؟

- ⊗ لە نەخۆشخانە
- ⊗ لە مالی بریندارەکە
- ✔ لە شوێنی رووداوەکە و تا وەکو بکرێت پێویستە بریندارەکان لە جێگەی خۆیان نەجوولێندرێن

185- مەترسیەکانی پەیدا بوونی شکان و درز لە جامی پێشەوەی بەردەمی شوفێر بریتیە لە؟

- ⊗ کاردەکاتە سەر جوانی ئۆتۆمبێل
- ⊗ هیچ مەترسیێکی نیە تەنیا لە رۆژانی گەرما و سەرما کاریگەری هەیە
- ✔ زیانی بۆ ئاست ومەودای بینینی شوفێر هەیە

186- لەکاتی لێخورین بە شەو گرنگترین شت کەپێویستە بیکەیت؟

- ⊗ ئامادەبیت بۆبرێك کردن بەخێراییێکی زیاتر
- ⊗ بەکارهێنانی لایتی بەرز بەدرێژایی کاتەکە
- ✔ لێخورین لەچوار چێوەی ئەو روناکیەی کە گلۆپەکانی ئوتومبیلەکەت بۆت فەراهەم دەکات

187- پاتری ئوتومبێل بارگاوی دەبێت لەرێگەی؟

- ⊗ دیلکۆ
- ✔ دینەمۆ
- ⊗ فیت پەمپ

188- دەرچونی باری ئوتومبیلی بارهەنگر لە پێش و دواوەی دیاری کراوە بە ؟

- ✔ 50سم لەگەڵ دانانی ئالایەکی سوور
- ⊗ 1مەتر لەگەڵ دانانی ئالایەکی سوور
- ⊗ 1.5مەتر لەگەڵ دانانی ئالایەکی سوور

189- لە هۆكارە سەرەكییەكانی ڕوودانی ئاگركەوتنەوە لە ئۆتۆمبیل بریتیە لە؟

- ✔ جگەرەكێشان لە وێستگەكانی سووتەمەنی و كەمتەر خەمی لە بەكارهێنانی جگەرە و چەرخ
- ✖ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بێ هەڵكردنی لایتەكانی پێشەوە و دواوە
- ✖ لێخوڕینی ئۆتۆمبیل بە تایەی لووس

190- دەبێت ڕێژەی ڕوونی بزوێنەر لەسەر سیمی پێوەری ڕوونەكە؟

- ✖ لەسەر پیتی (L) بێت
- ✖ لەسەر پیتی (H) بێت
- ✔ لەنێوان پیتەكانی (H) (L) بێت

191- بەكارهێنانی مۆبایل ڕێگا پێدراوە تەنها ؟

- ✔ لەكاتی وەستانی ئۆتۆمبیل بەشێوەیێكی تەواو لەشوێنی تەرخانكراو بۆ وەستان تاكو كۆتایی هاتنی پەیوەندیەكە
- ✖ بەكارهێنانی لەدوای كەمكردنەوەی خێرایی ئۆتۆمبیل
- ✖ لەكاتی وەستان لە ترافیك لایت

192- سەندوقی ئۆتۆمبیل بەكار دەهێندرێت وەك ؟

- ✖ هەڵگرتنی سەرنشین
- ✔ شوێن هەڵگرتنی كەلوپەلی چاككردنەوە و فریاگوزاری و چارەسەری پێویست
- ✖ بۆ هەڵگرتنی ئاژەڵان و باڵندەی ماڵی

193- شۆستە دەكەوێتە هەردوو لا تەنیشتی ڕێگا وە بەكار دەهێندرێت بۆ؟

- ✖ وەستانی ئۆتۆمبیل
- ✔ بۆ ڕۆیشتنی پیادەكان
- ✖ بۆ ڕۆیشتنی ماتۆرسكیل

194- لەكاتی بەفر بارینی چڕ، و كەمبونەوەی ئاستی بینین پێویستە شۆفێر؟

- ✖ بەردەوام بێت لە لێخوڕین
- ✖ لایتی فوول هەڵبكات
- ✔ وەستاندنی ئۆتۆمبیلەكەی لەشوێنێكی سەلامەت

195- پێشینە بۆ ئەو ئۆتۆمبیلانە دەبێت كە؟

- ✖ لە گەراجەكان دەردەچن
- ✖ لە وێستگەكانی سووتەمەنی دەردەچن
- ✔ لە شەقامەكان دەڕۆن لەسەر ئەوانەی كەدێنە ناوی

196- گشت ئەوشوێنانەی لێكرەتبوون تیایدا ڕێگەی پێدراوە دەبێت ؟

- ✔ مەودای بینینی تێیدا باش بێت
- ✖ شەقامەكە تەڕ بێت
- ✖ هێڵی سپی ناوەندی شەقام بەیەك ئاراستە ونەپچراوبێت

197- پێشینە لە یەكتربڕەكان بۆ ئەو ئوتومبێلانە دەبێت كەلە؟

- ✖ ئەوانەی دەچنە نێو گۆرەپان
- ✔ ئەوانەی لە گۆڕەپانن
- ✖ هیچ پێشینە یێك نیە

198- ئایا گواستنەوەی سەرنشین ئاساییە لە سەندوقی ئۆتۆمبیلی بچووک یان لە بۆدی بارهەڵگر و پیکاب و کامیۆنەکان؟

- ✅ نەخێر بە هەموو شێوەیێك قەدەغەیە
- ⊗ بەڵێ ئاساییە ئەگەر ژمارەیان کەم بێت
- ⊗ بەڵێ لەهەمو بەشێکی ئوتومبیل ئاساییە

199- پێشینە رۆیشتن بۆ شەقامی ؟

- ✅ قیرتاوکراوە لەسەر شەقامی قیرتاونەکراو
- ⊗ قیرتاونەکراو لەسەر شەقامی قیرتاوکراو
- ⊗ هیچ پێشینە یێك نیە

200- لەکاتی بونی تەم ومژ پێویستە لەسەرت؟

- ⊗ لێك رەتبون ئەنجام نەدەیت لەئوتومبیلەکانی پێشت
- ⊗ رێڕەوت نەگۆڕیت
- ✅ هەمو ئەوانەی کەباس کران

201- پێشینە بۆیەکێك لەمانەیە؟

- ⊗ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە شۆستە دەبڕن بۆ چوونە نێو گەراج لەسەر پیادەکانی کەلەسەر شۆستەکە دەرۆن
- ✅ پیادەکانی کە لەسەر شۆستە دەڕۆن نەك ئۆتۆمبیلەکان کە شۆستە دەبڕن بۆ چوونە ژوور یا هاتنە دەرەوە لە گەراج
- ⊗ ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە شۆستە دەبڕن بۆ دەرچوون لە گەراج لەسەر پیادەکانی لە شۆستە دەرۆن

202- باشترین رێگا بۆدورکەوتنەوە لە رووداوی پێکدادان؟

- ✅ لێخورینە بەهێمنی وبەخێراییەکی کەم
- ⊗ لێخورین بەخێرایی
- ⊗ گۆڕینی رێڕەوکان بەشێوەیێکی بەردەوام وەرۆیشتن بەشێوەی پێچ بەنێو ئوتومبیلەکان

203- پێشینە بۆ؟

- ⊗ ئۆتۆمبیلەکانی بیناسازیە لەسەر شەمەندەفەر یا هەر ئامرازێکی تری رۆیشتو بە هێلی ئاسنین
- ✅ بۆ شەمەندەفەر یا هەر ئامرازێکی تری گواستنەوە بە هێلی ئاسنین لەسەر گشت جۆرەکانی ئۆتۆمبیل
- ⊗ ئۆتۆمبیلی کشتوکاڵی و ماتۆرسکیل لەسەر شەمەندەفەر یان هەر ئامرازێکی تری گواستنەوە بە هێلی ئاسنین

204- هەڵگری مۆڵەتی لێخورینی ئۆتۆمبیلی بیناسازی مافی هەیە شوفێری ؟

- ⊗ ئۆتۆمبیلی کشتوکاڵی بکات
- ✅ تەنها ئۆتۆمبیلی بیناسازی بکات
